# ناوی کتێب: یادێک لە کوردستان

ئەم کتێبە کە دوو کورتەچیرۆک لەخۆ دەگرێت. لە نووسینی (ماریا زون)ە و سیروان کاروانی لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی. وێنەی ڕووی بەرگ1: هونەرمەند ڕێبوار سەعید. وێنەی ڕووی بەرگ2: ئاڵای کوردستان. ساڵی 2007 لە سوێد. بروما چاپ بووە (ISBN 91-973358-9-4)







فینلاند و کتێبی "یادێک لە کوردستان" ئەو ئازارانە دەردەبڕێت کە خەڵکی کورد و بەتایبەت گەنجانی کورد لە دەسپێکی قۆناغی ژیانی لاوێتییەوە دووچاری دێن و بەشێکی زۆریان لە خۆشترین وەختی تەمەنی ژیاندا دەکەونە ئامێزی مەرگ و ڕۆژە ڕەشەکانەوە. نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەنووسێت:

به ناوی ئەو خودایەی کە مرۆڤی بە گەل و زمانی جیاوازەوە ئافراند. هەموو گەلێک مافی ئەوەی هەیە خاوەنی زمان و وڵاتی خۆی بێت. ئێمەی مرۆڤ بەرپرسیارین کاتێک کەسێکی بەهێزتر بیەوێ ئەو مافەی هەمانە لێمان زەوت بکات و، دەبێت خەبات بۆ ئەوە بکەین کە خودا پێمانی بەخشیوە.
ئازادی ئاواتی منە بۆ گەلی کورد. بەڵام مرۆڤ بەو ئاواتە ناگات بەبێ ئەوەی خەباتی بۆ بکات.
ئازادی هەمیشە نرخی خوێنە و لە سایەی خوێنی پێشمەرگە شەهیدەکانمانەوەیە کە ئێستا کوردستانێکی ئازادمان هەیە. من هیوادارم کە ڕۆژێک کوردستانێکی سەربەخۆ ببینین.
من دەربارەی مەینەتییەکانی گەلی کورد دەنووسم و ئەوەش بەسەرهاتێکە لە هەزاران بەسەرهات کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە.
هۆکاری ئەوەی کە من دەستم بە نووسینی "یادێک لە کوردستان" کرد، ئەوەیە کە گەنجانی کورد هەست بە ئازاری گەلەکەی خۆیان بکەن، بەتایبەتی دەربارەی (پێشمەرگە)ی کورد، ئەوان ژیانی خۆیان بۆ کوردستان بەخت دەکەن.
من خەریکی نووسینی ڕۆمانێکم کە ناوی "لەسەر چیا بەرزەکان"ە. لەسەر پێکدادان لە نێوان پێشمەرگەکانی کورد و سوپای ئێراندا.